ئەنجومەنی وەزیران دەنگیدا لەسەر دوورخستنەوەی 7 بەڕێوەبەری گشتی

ئەنجوومەنی وەزیران، لە دانیشتنی ئەمڕۆ سەشەممەدا بە سەرکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دەنگیدا لەسەر دوورخستنەوەی 7 بەڕێوەبەری گشتی لە ئەمینداریەتی بەغداد و وەزارەتی کارەبا لەگەڵ دامەزراندنی 17 بەڕێوەبەر لە چەند وەزارەتێک.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:- هەر لە دانیشتنەکەدا ئەنجومەنەکە دەنگیدا لەسەر دامەزراندنی 17 بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتە جیاجیاکان، لەسەر بنەمای ئەوەی لیژنەی تایبەتکان پەسەندیان کردووە بە هەڵسەنگاندنی کەسانی خاوەن پلە تایبەت یان ئەوانەی پەستیان هەیە لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، لەچوارچێوەی بەرنامەی حکومەت بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی وەرزی بە ئەو کەسانەی خاوەن پلەی تایبەتن.

سودانی جەختی کردەوە لەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ئەمەش مانای لەخشبوونیان نییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و لەپرسینەوە ئەگەر سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان یان لە جێبەجێکردنی ئەرکە کارگێییەکانیان، بەڵکو پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەدا بەردەوام دەبێت، بەگوێرەی بەدواداچوونی ورد لەلایەن لیژنەی پێوەندیدارەوە.